# هزری كۆمەڵایەتی لە قۆناغی فەلسەفیی-پێوانەییدا سەرەتای كردەیی هزری كۆمەڵایەتی- تیۆریی

د. نەبیل عەبدولحەمید عەبدولجەبار
وەرگێڕانی: ئازا حەسیب قەرەداخی

## دەسپێك

لەسەرەتادا وای بە پێویست دەزانم كە ئاماژە بە جیاوازی نێوان دوو چەمك یان دوو دیدگا بكەین كە بریتین لە كۆمەڵناسی و هزری كۆمەڵایەتی.

كۆمەڵناسی بە گشتی بریتییە لەو زانستەی بەشێوەیەكی بابەتی و شیكاری لە دیاردە و رووداوە كۆمەڵایەتییەكان (یان كۆمەڵەییەكان) دەكۆڵێتەوە و، دەیەوێت بەو هۆیەوە ئەو یاسایانە هەڵهێنجێنێ كە ئەو دیاردە و رووداوانەیان لە ژێر ركێفدایە، كەچی هزری كۆمەڵایەتی، بریتییە لە كۆی ئەو چالاكی و كاروكردەوەو،جۆری بیركردنەوە سادانەی، لەوەتەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە پێیان ئاشنابووە و قۆناغ بە قۆناغ لە رەوتی مێژوودا پەرەیان سەندووە و گەشەیان كردووە تا لە دەرئەنجامدا ئەمەی ئێستا بە (كۆمەڵناسی) دەیناسین لێیانەوە دروستبووە.

كەواتە جیاوازییەكی ئاشكرا لە نێوانی (كۆمەڵناسی) وەك دەرهاویشتە، ئەو(هۆكار) و (فاكتەر) و (كارتێكەر) و (سەرچاوە) جۆراوجۆرانەدا هەیە كە كاریگەر بوون لە دروستبوون و بە (زانست) كردنیدا وەك زانستێكی سەربەخۆی ئەوتۆ كە خۆی بۆخۆی هەبێ.

لەوانەیە گرنگترین سیما كە لەم جیاوازییەدا دەردەكەوێ ئەوەبێ" یەكەمیان (زانست)ە، لە كاتێكدا ئەوی دووەمیان زانست نییە، بەڵكو دیاردەكانی چالاكیی بیركردنەوەیەكی سادە و كاروكردەوە یان نەزەك (أنطباعات)انەی كە شێوە و فۆرمی بیروڕا و یاسا و رێسا وەردەگرن و پەیوەندیداران لە قۆناغە سەرەتاییەكانی پەرەسەندنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ویستوویانە بەهۆی ئەوانەوە ژیانی تاكەكان و پەیوەندییەكانیان لەنێوانی خۆیاندا، یان لەگەڵ ژینگەكەیان رێكبخەن، زۆر جار دیاردەكانی ئەم بیركردنەوە سادەیە مەرجی زانستییان تێدا نەبووە، بەو جۆرە كە بابەتی و ئەبستراكتانە (مجرد) بن ، لۆژیكانە و ورد پێكەوە گرێدرابن، رێكخراوبن.

پێ بەپێی ئەوەش، باسی ئێمە بریتییە لە باسکردنی دەرکەوتە سەرەتاییەکانی هزری مرۆڤایەتی لەبارەی کۆمەڵگا و مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەم دەرکەوتانەی لەگەڵ یەکەمین شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتیدا سەریان هەڵداوە و دەکرێ بە سەرەتاکانی دەرکەوتن یان هۆکار یان فاکتەر یان ئەو کارتێکەرانەیان لە قەڵەم بدەین کە هەموویان پێبەپێ بە درێژایی قۆناغی یەك لە دوای یەکی مێژوودا بەشدارییان کردووە لە دروستبوونی ئەوەی بە (کۆمەڵناسی) ناوزەدی دەکەین.

زۆربەی لێکۆڵەرەوان وێڕای رەچاوکردنی زەمینە هزرییە بەپیتەکەی میزۆپۆتامیا و شارستانییەتی دۆڵی نیل، بەڵام ئەم سەرەتایەی هزری کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە بۆ فەیلەسووفانی یۆنان کە بۆ یەکەمین جار هەوڵیان داوە لەرێی فەلسەفەکانیانەوە گوزارشت لە شێوازی رێکخراو و ستانداردی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بکەن.

لەو رووەوە، دەکرێ بگوترێ کە یەکەمین هەوڵی تیۆریی بۆ لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە غەیری خۆیەوە... بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگا و پێگەی تاکەکەس لەناویدا... بۆ تێگەیشتن لە یاسا و دابونەریت و پەیوەندی نێوانیان و، رۆڵی هەر یەکەیان لە رێکخستنی رەفتاری مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵدا... بۆ لێکۆڵینەوە لەوانە و هەر مەسەلەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، لە سایەی شارستانییەتی یۆنانیدا، بەتایبەتیش لەسەدەی پێنجەمی پێش زایندا کراوە، لەگەڵیشیدا کاروانی (هزری کۆمەڵایەتی) دەستیپێکردووە کە لەنیوەی دووەمی سەدەی (١٩)دا گەیشتە ئەوەی ئەمەی ناوی (زانستی کۆمەڵناسیی)ە بەرهەم بهێنێت.

بەلای توێژەرانی بواری مێژووی هزری کۆمەڵایەتی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم (کاروان)ە هەمیشە بەیەك ریتم نەچۆتە پێشەوە و لە هەموو بارودۆخێکیشدا هەمان خەسڵەت و سروشتی نەبووە، بەڵکو قۆناغی دیووە کە هەر قۆناغە دەورانی جیای تێدا بووە و هەر دەورانەش سروشت و مۆرکی جیای هەبووە. بۆیە ئەو توێژەرانە وایان بەلاوە باش بووە کە ئەو کاروانە دابەشی سێ قۆناغ بکەن کە هەر یەکەیان بە ماك و ئاراستەی دیاریکراو لەویتریان جیا دەکرێتەوەو ئەوەی دواییان ئەوەی پێش خۆی تەواو دەکات. ئەو قۆناغانەش بریتین لەمانە:

**یەکەم:** قۆناغی فەلسەفیی- پێوانەیی

**دووەم:** قۆناغی فەلسەفیی -زانستی

**سێیەم:** قۆناغی زانستیی- دانراو (پۆزەتیڤیزم)

((لەم ژمارەیەدا تەنیا لە بارەی قۆناغی یەکەمەوە دەدوێین، لەویشدا تەنیا جەخت لەسەر بەشداری و رۆڵی (سۆفیستەکان) دەکەین، بەو هیوایە کە لە ژمارەکانی ئایندەدا ئەوەدوای ئەم قۆناغە بەسەر بکەینەوە...بۆ زانیاری ئێوەش ئەم بابەتە بەشێکە لە کتێبێك بە ناونیشانی (مێژووی هزری کۆمەڵایەتی) کە خەریکی وەرگێڕانیم- وەرگێڕ))

## هزری کۆمەڵایەتی لە قۆناغی فەلسەفیی- پێوانەییدا

سەرەتا دەبێت ئەوە روون بکەینەوە کە بۆچی ئەم قۆناغە ناونراوە فەلسەفیی –پێوانەیی.

پێی وتراوە فەلسەفیی چونکە سەرهەڵدان و سەرەتای کردەیی و گەشەکردن و پەرەسەندنی هزری کۆمەڵایەتی - تیۆریی لە باوەشی فەلسەفەدا بووەو لە ژێر چاودێری ئەودا بووە.

لە فەلسەفەدا زادی خۆی وەرگرتووە و لەگەڵ پەرەسەندنی ئەودا ئەمیش پێی هەڵگرتووە و رێچکە و رێبازەکانی کاریان لەمیش کردووە و بە درێژایی ئەو سەردەمە مێژووییانەی فەلسەفە لە کاروانی پەرەسەندنی خۆیدا پێیاندا تێپەڕیوە ئەمیش تێپەڕیووە، جا لە سەردەمی کۆندا بێ واتە یۆنانی، یان لەسەردەمی ناڤیندا بێ کە (لەو ماوەیەدا هەردوو ئایینی ئاسمانیی مەسیحی و ئیسلام بڵاوبوونەتەوە).

ئەم قۆناغە کە ناونراوە (پێوانەیی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هزری کۆمەڵایەتی بە زۆری لەم قۆناغەدا بایەخی داوە بە توێژینەوەی حاڵی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵگادا. بەڵام بەو جۆرە نا کە لەواقیعدا بە کردەوە هەیە، بەڵکو بەو جۆرە کە (دەبێ) وابێ. واتە هزری کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینیدا بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا بانگەشەی بۆ حاڵەتێکی (پێوانەیی) کردووە کە هیوای خواستووە بێتەدی.

سەرەتای ئەم قۆناغە لەسەردەمی کۆندا و لەسایەی شارستانێتی یۆناندا دەستی پێکردووەو لە تەك کاروانی فەلسەفەدا رێی کردووە، بەتایبەتیش لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین و لە ماوەی سەردەمی ناڤینیشدا تا کۆتاییەکەی کە دەکەوێتە سەدەی ١٤ی زاینەوەو (رابوونی ئەوروپا) بەرپا بووە.

## هزری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی کۆندا لەسایەی شارستانێتی یۆناندا

پێدەچێ هەموو مێژوونووسان و توێژەران لەسەر ئەوە کۆك بن کە دەستپێکی فەلسەفە لە سایەی شارستانێتی یۆناندا بووە، واتە لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە. بەڵام لەسەر خاکی یۆنان نا، بەڵکو لەسەر خاکی یەکێك لەو کۆلۆنیاڵانەدا کە یۆنانییە کۆچبەرەکان لە کەناری رۆژهەڵاتی دەریای (ئیجە)دا دروستیان کردووە. ئەو کۆلۆنیاڵە (ئایۆنیا)ی ناو بووە. قەدەری ئایۆنیا وابووە رەوش و کەشوهەوایەکی رۆشنبیری وەها ببینێ کە جیاواز بێ لەوەی لە یۆنانی دایکدا هەبووە.

لە ئایۆنیا خەڵك هەر لەسەرەتاوە لە شاردا ژیان و (پیرۆزی)یەکانی خێڵایەتی کۆن هیچ کاتێك لەناو ئەماندا جێی نەبۆتەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە هزر و عەقڵییەتی (دنیایی) پێگەیشتوو دروستبووە و تەرزێکی پێشکەوتووش لە مەدەنییەتی ماتریالییانەی دوور لە دڕدونگیی لەگەڵدا پەیدا بووە.

لە کەشوهەوای گەرمی شارەکانی ئایۆنیادا و بەتایبەتیش لە(میلتۆس)دا، فیکر و گفتوگۆ ئازادانە دەستیان پێکرد. لە هەموو شتێکی ناو ئاسمان و سەرزەوی یان دەکۆڵییەوە. بایەخی خەڵکی عاقڵ و هۆشمەند، کە تا رادەیەکیش نزیکی و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ رۆژهەڵاتدا یارمەتیدەریان بوو، رووی لەوە کرد کە لە (سروشت) ورد ببنەوە، لە نهێنییەکانی

بکۆڵنەوە. یەکێك لە بەرچاوترین ئەو خەڵکە عاقڵە. (تالێس) Tales بوو، (٥٨٥ پ.ز) کە سەری لە جیهانی سروشتی سوڕمابوو، بەو جۆرە کە وا پێدەچێ لە چەندین رەگەز و توخم پێکهاتبێ. بەڵام دەشێ بەردەوام بگۆڕێ و هەر توخمێك بکاتە توخمێکی دیکە. بۆیە پرسیاری ئەوەی دەکرد کە ئایا دەشێ لە پشتەوەی ئەم ئاڵوگوڕ و گۆڕانکارییەوە (کرۆك-جەوهەر)ێکی تاکوتەنیای جێگیر هەبێ کە (بناغەی) هەموو توخمەکان و گشت بوونەوەرەکانە.

ئێمە لێرەدا، بەلای ئەوەوە نین کە تالێس چ وەڵامێکی ئەم پرسیارەی داوەتەوە، بەڵکو ئەوەی بۆ ئێمە جێی بایەخە ئەوەیە بڵێین، دوای تالێس خەڵکانی دیکەی عاقڵ یان حەکیم یان فەیلەسووف هاتوون، عەقڵیان لەو هەولانەدا بەکارهێنابێ تا وەڵامی هەمان پرسیار بدەنەوە. هەر ئەمەیشە وایکردووە کە ئەو هزری فەلسەفییەی لە سەرینەی ئەمەوە دروستبووە چون یەك بێ و تەنیا لە (سروشت) بکۆڵێتەوە.

سەرەڕای ئەوە، زۆر زوو رەوتی هزری فەلسەفیی یۆنانی گۆڕانی بەسەرداهات، ئەگەر نەڵێین وەرچەرخا، بەتایبەتی کە لە نزیك کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زایین تەماشای (ئەسینا) بکەین، دەبینین ئەسینییەکان دەستیان کردووە بە بایەخدان بە خودی مرۆڤ و چالاکییەکانی و کردوویانە بەو بابەتەی لێی دەکۆڵنەوە و توێژینەوەی لەبارەوە دەکەن.

ئاساییە کە یۆنانییەکان، بەتایبەتیش ئەسینییەکان لە چارەسەرکردنی نهێنی سروشت و جیهانەوە وەرچەرخێن بەرەو چارەسەرکردنی نهێنییەکانی جیهانێکی بچووکتر ئەویش جیهانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و دەوڵەت و پەیوەندییەکانیەتی بەتاکە کەسەوە.

دوای هەوڵ و کۆششی فەیلەسووفە سروشتییەکانی ئایۆن لە پێناوی ئاشکراکردنی نهێنی (سروشت) و، بۆ گەیشتن بە ناسینی ئەو تاك (کرۆك)ە کە بناغەی هەمووو جۆراوجۆری و گۆڕانێکە لە سروشتدا، زۆر ئاساییە کە (پەرچەکردار- کاردانەوە) یەك رووبدات و هانی ژمارەیەکی دیکە لە هزرمەندان بدات بۆ لێکۆڵینەوە لە خودی (مرۆڤ) خۆی. ئەم کاردانەوەیە لەلایەن هزرمەندانێك روویدا کە بایەخیان بە (سروشتی مرۆییانە) دەدا زیاتر لەوەی بایەخ بە (سروشتی)ی جیهانی ماتریال بدەن. ئەمانە کە دواتر باسیان لێوە دەکەین بە (سۆفیستەکان) ناسراون.

لە راستیدا گەشەکردنی زانینی مرۆڤایەتی، لەو دەورانەدا هاندەر بووە بۆ دەرکەوتنی ئەم رەوتە (ئەنترۆپۆلۆجی)یە. لەم دەورانەدا گەڕیدەکان زانیاری زۆر و نوێیان کۆکردبۆوە و حیکایەتخوانە پێشیینەکان دەیانگێڕایەوە بۆیە زانیاری زۆر لەبارەی دابونەریتەکانی گەلان و هۆزە جۆراوجۆرەکان گەڵاڵە بوون، ئەمەیش وای کرد لەناو (ئەسینا)دا، لەسەدەی پێنجەمی پ.ز دا بایەخی زیاتر بە (ئەنترۆپۆلۆجیا) بدرێ. ریفۆرمخوازە کۆمەڵایەتییەکان لەو حیکایەتانەی لەبارەی دابونەریتی (وەچە سەرەتاییەکانی سروشت) و (پاکژیی خەڵکی ئەوپەڕی باکوور) و (دانیشتوانی لیبیا) پیس نەبووەوە هەبوون، بابەتگەلێکیان دەستکەوتووە کە کردوویانەتە بەهانە و بەڵگە بۆ کۆمۆنیزم یان تێکەڵاو بوون. ئەگەر لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکان بە هەر دەرەنجامێکی زانستی گەیشتبن، ئەوا هەڵبەت هانی خەڵکیان داوە کە لەسەرینەی ئەو جۆراوجۆرە بێ سنوورەی لە دابونەریتی خەڵکە سەرەتاییەکاندا هەیە، گومان لە

بوونی (یاسایەکی سروشتی)یان یاسایەکی جیهانیی گشتی و گشتگیر بکەن. هەرچەندە یاسا سروشتییەکان چ ئەمڕۆ بێ یان دوێنێ، لە وڵاتی یۆنان بێ یان لە وڵاتی فارس هەر یەکێکن، بەڵام دەیان و سەدان دابونەریتی جۆاوجۆر لە مەراسیمی زەواج و ناشتنی مردوواندا لای گەلانی جیاجیا هەن و شتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە کە دەقاودەق لە یەکتر بکات، ئەمەش ئەو دەرەنجامەی لێوە هەڵدەهێنجێنرێ کە ناکرێ یەك شت هەبێ سروشت دروستی کردبێ، بەڵکو (مرۆڤ) هەموو شتەکانی (یەکاندووە) و (یاسا) (عورفە) و بناغەی دەوڵەتیش (گرێبەستیی)ە.

لەلایەکی ترەوە، ریتمی ئەو رووداوە مێژووییانەی کە لە ماوەی سەدەی پێنجەمی پ.ز دا یۆنان بە گشتی و کۆمەڵگای ئەسینا بە تایبەت دیتیان لە یەك کاتدا خێرا و بەهێز بوون و وایان کرد کە روودانی وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئەسینا دا ببێتە مەسەلەیەکی ناچاری. ئەو نەبەردییە مەزنانەی یۆنانییەکان نواندیان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی فارسەکان بۆ سەر وڵاتەکەیان و سەرکەوتنیان لەوەدا کە وڵاتەکەیان بپارێزن، هاندەر و پاڵنەر بوو بۆ ئازادی بیروڕا. تەنانەت ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا دەلالەتی هەبێ ئەوەیە کە سەرکەوتنی یۆنانییەکان بەسەر فارسەکاندا و دەرکردنیان لە خاکی یۆنان، گورزێکی توند بوو لە دەسەڵاتەکانی پەرستگای (دلفی) دراو، کاریگەرییەکی گەورەی لە لاوازکردنی دەسەڵاتی (ئایین) دا هەبوو بەسەر عەقڵییەتی یۆنانییەوە، چونکە (ئەپۆلۆنی خواوەند) هەڵوێستێکی بێ لایەنانەی ئابڕووتکێنی بەرامبەر بەرپەرچدانەوە و رووبەڕووبوونەوەی هێرشی فارسەکان هەبوو، خەڵك واتە (مرۆڤ) نەك خواوەند، ناچار بوون یۆنانەکەیان رزگار بکەن، ئەمەش ئەوەی لێکەوتەوە کە رەوتی (مرۆڤدۆستی) گەشەی زیاتر بکات و، دەسەڵاتی بیروڕای ئایینی بکشێتە دواوە. زیاتر لەوەش، سەرکەوتنی یۆنانییەکان متمانەی خۆیانی بە خۆیان پتەوتر کرد و ئاستی هۆشیاری خۆیی تاکەکەسی و نەتەوەیی لا بەرز کردنەوە. (ئەرستۆ) لە کتێبەکەیدا (سیاسەت) لەمبارەیەوە نووسیویەتی: (پاش جەنگەکانی فارس، خەڵك بەرەو پێشەوە پێشڕەوی دەکەن و دڵیان پڕیەتی لە شانازی بەخۆکردنەوە بەرامبەر بەو کارانەی کردوویانە، بەو پێیەش پێیان وایە هەموو جۆرەکانی زانین و مەعریفە گۆڕەپانێکن ئەمان بێ جیاوازی کردن لە نێوانی ئەم جۆر و ئەو جۆردا تەراتێنی تێدا دەکەن، تەنانەت لەوەش زیاتر بانگەشە بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتر و فراوانتر دەکەن).

ئەم (رابوون)ە بە گوێرەی هەر شوێنێکی تر، لە ئەسینا گەورەترین هێزی هەبووە، دوابەدوای جەنگی ئازادییش گۆڕانکاری سیاسیش هاتۆتە ئاراوەو بەوەشدا کە ساڵی (٤٧٨ پ.ز) ئەسینا سەرکردایەتی هاوپەیمانێتی (دیلۆس)ی نێوان شارەکانی یۆنانی کرد بۆ درێژەدان بە شەڕ لە دژی فارسەکان، ئەسیناییەکان شانازییان بە خۆیانەوە زیاتر و باڵاتر بوو. هەروەها گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆی ئەسیناش بواری ئازادی کردەوە بۆ گفتوگۆی میللی لە (کۆمەڵەی نیشتمانی) و رۆڵی دادوەران و تواناکانی بیرکردنەوە و گوزارشت کردن لە بیروڕا بەهای زانستانەیان پەیدا کرد و ئەرکی (سۆفیستەکان) ئەوەبوو کە گوزارشت لەم هۆشیارییە خۆییە نوێیە بکەن و هانی ئەوە بدەن بیروڕای نوێ قبوڵ بکرێ.

ئەمە درێژەی ئەو (بەرەژان)ە بە ئازار و سەختە بوو کە کۆمەڵگای یۆنانی لە سەدەی پێنجەمی پ.ز دا تووشی هات و، دەرەنجام لەسەردەستی (سۆفیستەکان) هزری کۆمەڵایەتی- تیۆریی لێوە لەدایك بوو، ئیتر لەوکاتەوە (کاروانی) گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم هزرە بە درێژایی سەدەکان بەردەوام بووە.

## سۆفیستەکان sophists

سۆفیستەکان قوتابخانەیەکی فەلسەفیی خاوەن بیروڕای تایبەت نەبوون کە ڕێبازێکی فەلسەفیی پێکیانەوە کۆ بکاتەوە. بەڵکو ئەوان ژمارەیەك مامۆستا بوون، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا دەرکەوتوون. وانە وتنەوە پیشەیان بووە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە کۆچیان کردووە و وانەیان وتۆتەوە بە تایبەتی لە گوتاردان و هونەرەکانی سەرکەوتن لە ژیاندا. لەبڕی ئەم کارە پارەیان لە قوتابییەکانیان وەرگرتووە. لەوانەیە بەرچاوترین سۆفیستە کە ناویان دیار و ناسراوە بریتی بن لە: برۆتا گۆراس و گۆرگیاس و ئەنتیفۆن و گلوگۆن و کالیگلیس و تراسیماخۆس و...هتد.

هەروەکو چۆن ئەو (بزووتنەوە نوێ) یەی لە سەدەی پێنجەمی پ. زدا لە ئەسینا هاتەئاراوە، بزووتنەوەیەکی گشتگیری فراوان بوو، هەروەها چالاکی سۆفیستەکانیش کە قەدەریان وا بوو ببنە مامۆستا و ئاراستەکەری ئەو بزووتنەوەیە، گشتگیر و فراوان بێت، سۆفیستەکان ڕۆشنبیرییەکی هەمە جۆریان هەبوو، لە ناویاندا هەبوون مەیلی ئەدەبیی ڕۆمانسییان هەبوو، هەندێکی دیکە بایەخیان بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەدا، هەشیان بوو مەیلی ڕۆحانیان هەبوو، یان مەیلە گومڕاییەکانیان هەبوو، تێیاندا هەبوو بایەخی بە زانست و وەزیفەی ئەندامەکانی جەستە دەدا.

لە ڕاستیدا بایەخ و گرنگی سۆفیستەکان لەو وانە و بابەتانەدا نەبوو کە دەرسیان دەدا، بەڵکو لەوەدا بوو کە (مامۆستا) بوون، تەنانەت دەکرێ بگوترێ کە یەکەمین مامۆستای پیشەوەر بوون لە وڵاتی یۆناندا و پیشەی وانەوتنەوەش بووبووە پارمەتیدەرێکی کردەیی لە بواری کۆمەڵناسی و سیاسەتدا، ئەو کەسەی دەچووە لای سۆفیستەکان بخوێنێ، وەك ئەوە وابوو کە بچێتە (زانکۆ)، زانکۆیەك قوتابییەکانی ئامادە و ساز دەکرد بۆ ژیانی داهاتوویان بکەینەوە، پێموایە لێرەدا دەبێت هەڵوەستەیەك بکەین، تا مەسەلەیەکی گرنگ روون کە مایەی گفتوگۆ و بیروڕای جیاوازە لەبارەی سۆفیستەکان. ئەوەش ئەوەیە، هەرچەندە سۆفیستەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بواری رۆشنبیری یۆناندا، بەڵام وا پێدەچێ بەدبەختی ئەوان وای کردبێ زۆر سیفەتی نەگەتیڤانەیان پێوە بلکێنرێ. بەمەش وێنەیەك لەوان گەییوەتە ئێمە کە مایەی رق و قێز لێبوونەوەیە. لەوانەیە تا رادەیەکیش هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نووسین و بەرهەمەکانی ئەوانمان پێ نەگەییوە، بەڵکو بیروڕایەکانیانمان لە رێی نووسینەکانی (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ)وە پێگەیشتووە کە ئەم دووانە، لە دوژمنە سەرسەختەکانی سۆفیستەکان بوون، لە نووسینەکانیان ئەم فەیلەسووفانە خۆیان چۆنیان ویستووە ئەوا ئەوانیان وێنا کردۆتەوە. جا لە پێناوی راستکردنەوەی ئەو وێنە (شێوێنراوە) کە ئەفلاتون و ئەرستۆ لە بارەی

سۆفیستەکانەوە بۆ ئێمەیان کێشاوە دەبێت دوو سەرنج ڕەچاو بکەین:

یەکەمیان: ئەم سۆفیستانە، سۆفیستە نەبوون بەو مانایەی کە خوێنەر لە ووشەکە تێدەگات، وەك ئەوەی کە سەفسەتە بێ و واتە چەلەحانێ و درێژدادڕی و مەلا بەزێنی و تێکەڵ و پێکەڵکردن بەڵکو ئەوان مامۆستای پیشەوەر و وەستا بوون لە وتنەوەی حیکمەتدا، هەروەکو چۆن هونەرمەند وەستایە لە هونەرەکەیدا.

دووەمیان: ئەم مامۆستایانە کە وەستا بوون لە پیشەکەیاندا، مانای وانییە کە هەر پارەیان لە بەرامبەر کارەکەیان وەرگرتبێ، لە حاڵێکیشدا کە پارەیان وەردەگرت، لێ دەگەڕان قوتابییەکە خۆی چەندی لە تواناداهەیە بیدات. بە واتایەکی تر وەرگرتنی پارە تەنیا ئامانجێکی ئەوان نەبووە لە فێرکردنی خەڵك.

جا بۆ ئەوەی لە لایەنەکانی ئەو (حوکم)ە نەگەتیڤە تێبگەین کە دەرهەقیان دراوە بۆ ئەوەی لەو وێنە خراپە تێبگەین کە نووسینەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ لەبارەی ئەوانەوە لە زهنی ئێمەدا دروستیان کردووە، دەبێت ئەوە بزانین کە ژمارەیەك فاکتەر بەسەریەکەوە کۆسپیان لەبەردەمدا دروستکردوون و بیرورایەکانیانی شێواندووە.

زۆربەی سۆفیستەکان (بیانی) بوون و وەکو غەریبە لە ئەسینا دەژیان. ئەمانیش وکو غەریبەکانی دیکە دژایەتی زۆری کۆمەڵایەتی دەکران، لە هەموو دەستکەوت و مافە سیاسییەکانیشیان بێ بەش کرابوون. هەموویان لەبەر ئەوە هاتبوون بۆ ئەسینا، چونکە ببووە ناوەندی چالاکیی فیکریی لە یۆناندا. جا سەرەڕای ئەوەی کە بۆیان هەڵکەوتبوو ببنە هەڵکەوتووی بەرچاو لەناو ناوەندی هەوادارانی ڕۆشنبیریی ئەسینادا، بەڵام لەچاوی عەوامی ئەسینییەکاندا تەنیا (خەڵکێکی بیانی) بوون لە ئەسینا کۆبوونەتەوە دەژین بێ ئەوەی هەست بە جێگیری بکەن، هەر ئەمەیش وای لێکردبوون کە مایەی ڕق و قێز لێبوونەوە بن، خۆ ئەگەر ئەوەیشی بخەینە پاڵ کە چ هەڵوێستێکی دژ بەیەك لە نێوان سۆفیستەکان و ئەفلاتون و ئەرستۆدا هەبووە لە بواری مەعریفەی ئەبستمۆلۆجیدا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی ئەو وێنە شێوێندراوەمان لا هەیە لەبارەی ئەوانەوە.

هەرچۆنێ بێ بۆ ئێمە ڕەوا نییە مافیان پێشێل بکەین و چاو لەو ڕۆڵە دیارە بنوقێنین کە ئەوان هەیانبووە لە سەرهەڵدانی قۆناغی یەکەمی (کاردانەوە) بەرامبەر فەلسەفەی سروشتیی- ئایۆنی.

لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسمانکرد کە ئەمان ئاراستەی لێکۆڵینەوەیان گۆڕی بەرەو تێزە (مرۆییەکان). لەسەردەستی ئەمانیش بوو کە ئەم ڕەوتە نوێیە لە توێژینەوەدا پراکتیزە کرا. ئەمان هەوڵیاندا ئەو ئامرازانە بدەنە دەست خەڵك کە بە شێوازێکی کردەیی ژیانێکی ئارام دروستبکەن. خەڵکیان فێری خێر و حیکمەتی کردەیی دەکرد و بەو فێرکردنەشیان هونەری حوکمڕانییەکی دروستیان ساز دەکرد، جا ئەو حوکمکردنە، حوکمڕانێتی دەوڵەت بووبێ یان هی خێزان.

لە ڕاستیدا هیچ یەکێ لە نووسراوەکانی سۆفیستەکانمان پێنەگەییوە، تەنیا هەندێ پارچە وپروچکەی کتێبێك نەبێ کە (ئەنتیفۆن)ی سۆفیستە

بەناونیشانی (لەبارەی هەقەوە) نووسیویەتی. جگە لەم پارچە و پروچکە. بۆ هەرچی شتێك کە لە بارەی سۆفیستەکانەوە دەیزانین، قەرزاری ئەفلاتونین کە لە گفتوگۆیەکانیدا بەتایبەتیش لە دیالۆگی (کۆماریی) و (گۆرگیاس)دا نووسیونی. بۆ قسەکردن لەسەر سۆفیستەکان دەبێ سوود لەو دوو سەرچاوەیە وەربگرین.

**یەکـەم: هـزری کۆمەڵایـەتی لای سۆفیـستەکان وەك ئەوەی لە کتێبەکەی ئەنتیفۆندا هەیە (لەبارەی هەقەوە).**

ئەنتیفۆن لە نامەیەکدا باسی مەسەلە و بابەتگەلێکی سروشتی و فەلسەفیی- میتافیزیکی و ئەخلاقی و سیاسی دەکات.

ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە کە ئەنتیفۆن لەو بڕوایەدا بووە کە پەیوەندییەك لە نێوانی جیهانی سروشتی- فیزیکی و بیرکردنەوەی ئەخلاقیدا هەیە و بەو دیدگا سروشتییەی هەمانە بۆ گەردوون، دەتوانین تێڕوانینێکی سروشتیی بۆ ئەخلاق و سیاسەت هەڵبهێنین. بە لێکدانەوەیەکی دیکە، ئێمە دەتوانین سەرنج بدەین کە (ریالیزم) نیشانەی جیاکەرەوەی بیرکردنەوەی ئەنتیفۆنە. ئەو حەقیقەتی لە بیروڕای خەڵکدا نەدیتەوە، بەڵکو لە حاڵەتی ریالیستانەیان و ژیانی رۆژانەیاندا بینیەوە.

ئەم حاڵەتەش وەك ئەوە کە پێکهاتەی جەستەیان دیاری کردووە بەو جۆرەی کە سروشت دروستیکردوون. کەواتە ئەنتیفۆن لە هزری سروشتیی- فیزیاییەوە چووە بەرەو بوارەکانی ئەخلاق و سیاسەت و قانون.

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دوو دەرەنجام دەرهاوێشتەی ئەم رەوتە بوون:

١- (یاسای سروشت) رێ بە هەموو تاکێك دەدات کە ژیان و خۆشیی بوێ، بەڵام یاسای دانراو یان مرۆیی کە بەرهەمی بیروڕایە نەك حەقیقەت، داوامان لێدەکات کاری نائاسایی بکەین، واتە ئەم یاسایانە ناکۆکن لەگەڵ سروشتماندا چونکە مایەی خۆشی و ئارامی نین بۆ ئێمە.. ئەمەش بەلای خۆیەوە مانای وایە کە ئەوەی یاسای (دانراو) داوامان لێدەکات بیکەین پێچەوانە و دژە بەوەی کە یاسای (سروشتیی) داوامان لێدەکات.. بۆیە باشتر وایە وەکو ئەنتیفۆن بڕوای پێیەتی: مرۆڤ ئەگەر توانی خۆی لە جێبەجێکردنی یاسای (دانراو) بدزێتەوە.

٢- مادەم هەموو مرۆڤەکان یەکسانن لە سیفاتە جەستەییەکانیان و چوون یەکن لە خەسڵەتە سروشتییەکانیانداو هەمووشیان مافی ئەوەیان هەیە مەیلە سروشتییەکانیان تێربکەن، ئەوا پێ بە پێی هەموو ئەوانە، خەڵك وەکو یەکن و ئیتر هیچ بنەمایەکیش نامێنێ بۆ جیاکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا بەپێی نەتەوە و رەگەزیان، یان وەك ئەنتیفۆن دەڵێ: جیاکاری لە نێوانی یۆنانی و غەیرە یۆنانیدا. ئەمەش مانای وایە کە (ئەنتیفۆن) یەکێك بووە لە پێشەنگانی رێبازی (نێونەتەوەیی)- یان ئەوەی کە بە (کۆزمۆپۆلیتیك) ناسراوە و لەسەردەمێکی دیکەدا دەرکەوتوو و ناوبانگی دەرکرد.

**دووەم: هــزری کۆمەڵایــەتی سۆفیــستەیی وەک ئــەوەی ئــەفلاتون لــە دیالۆگەکانیــدا بۆمــانی دەگوازێتەوە**

جگە لەو چاپتەرەی کە ئەنتیفۆن نووسیویەتی ئێمە قەرزاری ئەفلاتونین بەو زانیارییانەی لە بارەی بیرورِا کۆمەڵایەتییەکانی سۆفیستەکانەوە هەمانە.. دەکرێ ئەوەی ئەفلاتون لەمبارەیەوە وتوویەتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە.

**أ: ئەوەی لە دیالۆگی (کۆماریی) دا وتوویەتی:**

١- لە (کتێبی یەکەم)ی دیالۆگی (کۆماری)دا رای یەکێك لە سۆفیستەکانمان بۆ دەگوازێتەوە کە ناوی (تراسیماخۆس)ە و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ژیاوە. رایەکانیشی بێبەش نین لە مانا کۆمەڵایەتییەکان چونکە تراسیماخۆس پێی وایە. بەهیچ جۆرێك شتێك نییە پێی بگوترێ (مافی سروشتیی) بەڵکو تەنیا مافێك هەیە کە (دروستکراو)ە، ئەوەش ئەو مافەیە کە بە هێزترین دەسەڵات لە دەوڵەتدا دروستیدەکات.

ماف ئەوەیە کە بەهێزترین دەسەڵات لە دەوڵەتدا بەو جۆرەی کە لە بەرژەوەندی خۆیدایە جێبەجێی دەکات. ئیتر ئەو کارە گرنگ نییە کە ئەم دەسەڵاتە جێبەجێی دەکات، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە هەرچییەك ئەم دەسەڵاتە دەیکات مافە.

هەروەها تراسیماخۆس لەو بڕوایەدایە کە ماف ئەوەیە هێز بڕیاری لێدەدا. جا ئەو هێزە لە هەر دەوڵەتێکی دیاریکراودا بێت و سروشتی ئەو بڕیارە هەرچییەك بێت. ئەگەر لاوازەکان یاسایان لە پێناوی خۆیاندا دانا، یان لەو بڕوایەدابوون کە بەرژەوەندییان لەو یاسایانەدایە، ئەوە ئەو یاسا و مافەی بڕیاری لەسەر دەدەن دەبێت دادوەر و دروست بێ مادەم لاوازەکان دەتوانن جێبەجێی بکەن، بەڵام هەر کاتێك نەیانتوانی جێبەجێی بکەن ئەوا دروست نییە.

بەگشتی دەکرێ رایەکانی تراسیماخۆس بەمجۆرە چڕ بکەینەوە: ماف سروشتیی بوونی نییە، بەڵکو مافی دروستکراو هەیە کە هێز دروستیدەکات، ئەم هێزە هێزی دەسەڵاتە لەناو دەوڵەتدا. هەرچییەك بڕیاری لەسەر دەدات و جێبەجێی دەکات مافە.

٢- لەسەرەتای (کتێبی دووەم) ی دیالۆگی (کۆماری)دا ئەفلاتون سەرجەمێك لە بیرورِای سۆفیستەیەکی دیکەشمان بۆ دەگوازێتەوە کە ناوی (گلۆکۆن)ە. دەکرێ لە بیرورِایەکانی ئەم سۆفیستەیەدا یەکەمین دەرکەوتەکانی تیۆری (گرێبەستەی کۆمەڵایەتی) ببینین. گلۆکۆن دەڵێ:

بە حوکمی سروشت بێ، زوڵم کردن خێرە، بەڵام ئەو ئازارانەی لە زوڵم دەکەونەوە شەڕە. لەم حاڵەتەشدا شەڕەکە گەورەترە لە خێرەکە. بۆیە خەڵك زوڵم دەکەن و ئازارەکەی دەچێژن، ئەزموونی هەردوو حاڵەتەکە لەلایان گەلاڵە دەبێ. جا لەبەر ئەوەی ناتوانن خۆیان لە زوڵم دوورخەنەوە و دەرەنجام ئازار نەچێژن، ئەوکاتە پێیان باشترە کە لەسەر ئەوە رێکبکەون زوڵم نەکەن بۆ ئەوەی ئازار نەچێژن. لێرەوە یاسا و بەڵگە و گرێبەستەی نێوان خەڵك دێتە ئاراوە و هەرچییەك یاسا بڕیاری لەسەر بدات خەڵك ناوی دەنێن یاسایی و دادوەر".

لەم دەقەدا ئاماژەی ئاشکرا بۆ تیۆری (گرێبەستەی کۆمەڵایەتی) دەبینین وەك تەفسیرێك بۆ پەیدابوونی کۆمەڵگا و سیستم و یاساکان، چونکە (گلۆکۆن) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە رابردوودا

(حاڵەتی سروشتیی) هەبووە و بەوپێیە مرۆڤەكان ژیاون وەك كۆمەڵێك تاكەكەس كە هەر یەكەیان ئەوەی پێی خۆش بووە كردوویەتی. پاشان ئەم تاكەكەسانە هەوڵیان داوە لەو بارودۆخە خراپەی پڕی بووە لە مەترسی و زیان و ئازار بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی، خۆیان رزگار بكەن، هاتوون (گرێبەستە)یەكیان لەنێوان خۆیاندا رێكخستووە و پاش سازشێكی هۆشیارانە بەپێی ئەو گرێبەستە وازیان لە پیادەكردنی ئازادانەی ئیرادەیان هێناوە، بەرامبەر ئەوەی گیانیان بپارێزرێ.

بەگشتی دەكرێ بیروڕایەكانی (گلۆكۆن) لەم خاڵانەدا چڕ بكەینەوە:

١- (حاڵەتی سروشتیی)لەوكاتەوە هەر هەبووە كە نە یاسا هەبووە، نە سیستم.

٢- ئەوانەی زوڵمیان دەكرد (كەمینە) بوون، بەڵام ئەوانەی ئازاریان بەدەست زوڵمەوە دەچەشت (زۆرینە) بوو.

٣- بۆ رزگاربوون لەو حاڵەتە خراپە كە مەترسی و ئازاری بۆ هەمووان هەبووە، هەموو لەسەر ئەوە رێككەوتوون كە واز لە پیادەكردنی ئازادانەی ئیرادەیان بهێنن بەرامبەر بەوەی گیانیان بپارێزرێ.

ب- لەو دیالۆگەیەدا كە ناوی (گۆرگیاس)ە، ئەفلاتون شێوازێكی دیكەی رێنومایی و بیروڕایەكانی سۆفیستەكانمان بۆ دەگوازێتەوە كە رەتكردنەوەی ئەو دادوەرییەیە كە لەسەر بناغەی (گرێبەستەی كۆمەڵایەتی) دروستدەبێ. لە جیاتی ئەوە پرەنسیپی (مافی سروشتیی هێز) قبووڵ دەكات. هەرچەندە ئەم پرەنسیپە لە دیالۆگی (گۆرگیاس)دا هاتووە، بەڵام ئەفلاتون نایخاتە پاڵ (گۆرگیاس) بەڵكو دەیخاتە پاڵ فەیلەسووفێكی سۆفیستەی دیكە كە ناوی (كالیگلیس) بووە.

كالیگلیس لەو بڕوایەدا بووە كە (سروشت) (بنەمای دروست)ە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی. جا ئەگەر بەپێی ئەم بنەمایە رۆیشتین، ئەوسا دەبینین كە لەناو رەفتاری كۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا بەكارهێنانی (هێز)ی تێدایە كە تا ئەوپەڕی بەكاردەهێنرێ بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و خۆشی و دڵشادی كە دەكرێ لە كۆتاییەكەیدا بەدەستبهێنرێن.

جا لەبەر ئەوەی مرۆڤەكان هەمان هێزیان نییە و وەكو یەكیش ناتوانن بەكاری بهێنن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانیان، كەواتە (نایەكسانی) (بنەمایەكی سروشتییە). ئەمەش لەلای خۆیەوە مانای وایە مرۆڤەكان هەر لە سروشتی خۆیانا وەك یەك نین و، بەهێز زۆرتری دەستدەكەوێ لەوەی كە لاواز دەستی بكەوێ. وەلێ بیرۆكەی ( یەكسانیی)(سروشت) بڕیاری لێداوە، بەرامبەریشی (نەریت) هەیە كە داوای (یەكسانی) دەكات. ئەمەش مانای وایە كە ناكۆكی لە نێوانی (سروشت)و(نەریت)و(یاسای دانراو)دا هەیە.

لەبەر رۆشنایی ئەوانەی پێشوودا دەكرێ رایەكانی (كالیگلیس) بەمجۆرە چڕ بكەینەوە:

١- سروشت بنەمای دروستی ژیانە كە رێگە دەدات بە بەهێز هەرچییەكی بوێ بیكات.

٢- یاسا دانراوی لاوازەكانە بۆئەوەی ئەو مافانە لە بەهێزەكان بسێننەوە كە هێزەكەیان داویەتی پێیان.

٣- كەواتە سروشت و یاسا دژی یەكترن.